# گۆشەی هەرجارەی فەیلەسوفێک

(٤)

# سیمۆن دیبۆڤوار



* لەدایکبوون: ١٩٠٨
*مردن:١٩٨٦
* ساڵی(١٩٢٩) لە زانکۆی سۆربۆن خوێندنی تەواوکردووە

دیبۆڤوار لە ناو بنەماڵەیەکی بۆرجوازدا گەورەبوو، بەهۆی باش گوزەرانی ژیانییەوە هەرلەسەرەتای لاویەتییەوە بڕیاریدا ژیانی خۆی بۆ نووسین و خوێندن تەرخانبکات.

لە ساڵی(١٩٢٩)دا لە زانکۆی سۆربۆن خوێندنی تەواوکردووە، لەماوەی دەستبەکاربوونیدا وەك مامۆستا، لەسەر خوێندنەوەکانی و پەرەپێدانی بۆچوونەکانی لە سەر فێمینزم و پوچگەرایی بەردەوامبوو.

"دیبۆڤوار" دوای تەواو بوونی لە سۆربۆن ئاشنایەتی لەگەڵ سارتەردا پەیداکرد، هاورێیەتی نێوانیان تا مردنی سارتەر بەردەوامبوو، لەو بارەیەوە "دیبۆڤوار" هاورێیەتی لەگەڵ سارتەردا بەتایبەتی لەڕووی ڕۆشنبیری و فەلسەفییەوە بەگرنگترین قۆناغی ژیانی وەسفدەکات.

"سیمۆن دیبۆڤوار" لە نووسینەکانیدا وەك کائینێکی ئازاد جەخت لەسەر "مرۆڤ" دەکاتەوە،کە ئەویش ئازادیی بڕیادان, بەهامرۆڤایەتیەکان و هەڵس وکەوتی مرۆڤە. بەبڕوایی "دیبۆڤوار" کارە چاك و باشەکان ئازادی مرۆڤ فراوان دەکەن و کارەخراپەکانیش ئازادی مرۆڤ بەرتەسکدەکەنەوە.

"دیبۆڤوار" دژی شاڵاوە کۆلۆنیستیەکانی رۆژئاوا بوو, ئەو دژی داگیرکردنی جەزائیر بوو لەلایەن فەرەنساوە.

خاوەنی خەلاتی نۆبلە بۆ ڕۆمان، لەدواهەمین کارەکانیدا, رۆمانێکی لەسەر مردنی سارتەر بلأوکردۆتەوە بە ناونیشانی "ماڵئاوایی لە سارتەر ".

**لەو کتێبەدا هاتووە: "مردنی من جارێکی تر بەیەکتریمان شاد ناکاتەوە, شتەکان بۆ خۆیان وان. ئەمە لەخۆیدا شتێکی خۆشە, وامان لێدەکات کە بۆ ماوەیەکی درێژ ژیان بەهارمۆنی بەسەر بەرین."**

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: شاسوار کەمال مەحمود
سەرچاوە: ئەنتەرنێت